# دایکم چوو بۆ بەهەشت!




**نووسینی : دیچۆل ئازاد**

**وەرگێڕانی : عومەر خدر**


دایکم چوو بۆ بەهەشت
منیش ئەمڕۆ پێویستیم پێیەتی.
لەو کاتانەی کە رادەکشێم
رۆحم بە ئاڕارەوە دەگری،
بۆ باوکم، خوشک و براکانم هانا دەبەم
لەوە ناچێت هیچ وەڵامێک بەدی بکەم
ئەوان دەڵێن ئارام بگرە و
بە هێمنی لە سەر پشتی ئەوانەوە راکشی.
نازانم،
من لە کوێم؟
بۆ کوێ هەنگاو دەنێم؟
لە کوێ  چەقگیر دەبم؟
چی دەڵیم؟
رێگای خۆمم وون کردوە !
ئایا بەهەشت لە هیچ شوێنێکی کوردستان هەیە؟
ئایا لە هیچ شوێنێک، بە هەر شێوەیەک
لە  ئەشکەوتە شاراوەکانەوە بەدی دەکرێ؟
من نازانم لە کوێ بە دوایدا بگەڕێم.
شەوانە بە تەنیایی دادەنیشم و دەگریم
نازانم بۆچی منی بێ هیچ بیانووەک جێهێشت.
گەر بانگی بکەم
لەوانەیە زوو دەرکەوێ
لەوانەیە لە مانگە شەودا بێت و
بە دەورمدا بخولێتەوە !
ماوەیەکی زۆر دوور و درێژە رۆیشتووە

ئێستا پێویستیم پێیەتی لە تەنیشتمەوە بێت !
زۆر حەز دەکەم بگەمە لای،
بەڵام بە تەواوی  نازانم چۆن.
یارمەتیم بدە تا بە درێژایی دەریاکان
مەلە بکەم
یان ئەوەتا  دوو باڵی سیحراویم بۆ دروست بکە
یان کلیلەکانی بەهەشتم بۆ بدۆزەرەوە

کەسێک هەیە گوێی لێم بێت؟
دایە، دایە بمخە دەرەوەی ئەم ئاسمانە و
جارێکی تر لە باوەشتم بگرەوە
توند بە خۆتەوە بمنووسێنە، لە ئامێزم بگرە
دایە.. رزگارم بکە، من رێگام وون کردوە
ئاماژەیەکم بدەرێ !

2005